ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## دانانی وشەی نهێنی بۆ پەڕگەکانت لە ڕێی پرۆگرامی Winzip

نووسەر: @:

هەموو کەسێک شتی تایبەت و نهێنی بە خۆی هەیە لە نێو کۆمپیوتەردا. هەندێک جار پێوست دەکات بە ئەوەی کە وشەیەکی نهێنی یان وشەیەکی تێپەڕبوون بۆ ئەو پەڕگە و بوخچانەی خۆی دابنێت بۆ ئەوەی کەسانی دیکە نەتوانن بیانبینن. بۆ ئەو کارەش پرۆگرام پێویستە، هەندێک لە پرۆگرامەکان بەتەواوی ناتوانن ئەو پەڕگانە بپارێزن. بەڵام پرۆگرامێک کە زۆر چاکە و بە تەواوی پەڕگەکان دەپارێزێ پرۆگرامی Winzip ـە. دەبێ ئەو پرۆگرامەت دامەزراندبێت پێش هەموو شتێک. لێرە دەتوانی دایبگریت.

ئەو پەڕگانەی کە هەتە و دەتەوێ وشەی نهێنیان بۆ دابنێی، لە نێو بوخچەیەکدا کۆیانبکەوە. پاشان بە لای ڕاستی مشکی کۆمپیوتەرەکەت کرتەیەکی بکە سەر و Winzip و پاشان Add To Zip File کرتە بکە،




پەنجەرەیەکی وەک ئەمەی خوارەوەت بۆ دێتە پێشەوە.




1> کرتە بکە سەر Password و وشەیەکی نهێنی بنووسە بۆ پەڕگەکانت.




OK کرتە بکە، داوات لێدەکات کە جارێکی دیکە وشە نهێنییەکە بنووسیتەوە، بینووسەوە و OK کرتە بکە.

2> ئەو شوێنەی کە پەڕگەکەی تێبچێت پاش دانانی وشەی نهێنی.

3> کرتە بکە سەر Add بۆ دروستکردنی پەڕگەیەکی پێچراو و پارێزراو بە وشەی نهێنی.

کۆتایی.

بیرۆکەی ئەم وانەیە لە پرسیار و وەڵامی Kurd IT Group ـەوە وەرگیراوە.

Oct 2005 13

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت